# سندوس نەجار: کاتێک بە عەرەبی دەنووسم، کوردبونم لەناخم دا دەردەبڕم

**سندوس سالم نەجار**، ئەو ژنە شاعیرو نوسەرەی کە تاراوگەی کردۆتە گۆرەپانی بەدیهێنانی هەموو خەونەکانی بۆ دەربرینی ئازادی و ترپاندنی هەموو ئەو پەیڤە سەوزو سورانەی کە لەسەردەمی دیکتاتۆریەت دا ، لیی حەرام کرابون.

سندوسی شاعیر لەبەر ئەو زوڵمە سەدان ساڵیەی کە بۆ بەعەرەبکردنی کوردە ئێزدیەکان بەرێوە چوە لە خوێندن بەزمانی دایکی بێ بەشکراوەو بۆیەش تا ئیستا تەنها بە عەرەبی دەنوسێ، بەلام وەک خۆی دەڵێت ئەو هەمیشە کوردبون لە هەستی دا پەنگی خواردۆتەوە و کاتێکیش بە عەرەبی دەنوسێ کوردبون لە ناخەوە دەردەبرێت.

ئیستا ئەو خانمە لە شاری ڤییەنای وڵاتی نەمسا دەژی، سەرەرای ژیانی پەراگەندەیی بەردەوام لە میدیاکان بوونی هەیەو بەشدارو هەڵسوراوی چالاکیشە لە زۆر رکخراوو کۆر و کۆمەڵە کوردی و عێراقی و ناو دەوڵەتیەکان. بۆیەش بەمەبەستی ئاشنا کردنی ئەو خانمە هەست ناسک و چالاکە بەخوێنەرانی هەفتەنامەی **رۆژی گەل** بە پێویستم زانی ئەو دیمانەیەی لەگەل ساز بکەم.

**پ: ئەگەر بکرێ رونتر لەوەی کەمن باسم کرد خۆتان بناسێنن؟**

**وەلام:** من سندوس نەجار لەشارۆچکەی شێخان لە باوەشی دایک و باوکێکی کوردی ئێزیدی دا چاوم بۆ ژیان هەڵهێناوە، لە زانکۆی بەغداد بەشی زمانی ئینگلیزیم تەواو کردووە، بەزمانەکانی کوردی، عەرەبی، ئینگلیزی و ئەلمانی دەپەیڤم. لەبواری پیشەکەی خۆشم وەک مامۆستای زمانی ئینگلیزی، لە بەغدا، حلە، ئەبو قاسم، شێخان و ڤییەنا خزمەتم کردوە. تا ئەوکاتە بابەت لەبوارەکانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و دەروناسی دەنوسم و لە میدیاکان بڵاویان دەکەمەوە. دیارە وەک دەزانن شعریش کە بەشە دانەبراوەکەی رۆحمەو بۆ هەمیشە لەگەڵی دەژیم، مێژوی شعر نوسینم دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی هەرزەکاریم، بۆیەکەم جاریش لە ساڵی ١٩٨٧ لە رۆژنامەی عێراق هۆنراوەم بلاوکردۆتەوە، لەساڵی ١٩٨٨ هۆنرەوەکانم لە عەرەبییەوە وەرگیردراون بۆ زمانی شرینی کوردی و لە گۆڤاری ئەو کاتەی بەیان بە زاراوەی سۆرانی بڵاو دەکرانەوە، هەروەها بەشداری چەندین کۆری شعر خوێندنەوە بوم بەزمانی عەرەبی لەساڵەکانی ١٩٨٧ تا ١٩٩٠، لە تاراوگەش چەندین کۆری شعریم بۆ بەستراوە و لە زۆر بۆنەی نەتەوەی و نیشتمانیشدا بە شعر بەشدار بوم، زۆر جاریش لە پالتۆک لە ژوری **ئیزدخانا کوردستان لالش** کۆری شعری و ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتیم بۆ دەبەسرێ، هەروها بەشداربوم لە دەستەی بەرێوەبەری ماڵی ئێزیدیانی دەرڤەی وڵات کە ناوەندەکەی لە ئەڵمانیایە، ئەندامم لە دەستەی بەرێوەبەری ماڵی عێراقی لە نەمسا، ئەندامی دەستەی بەرێوەبەرایەتی کاتی کۆمیتەی نەمسای ناوەندی چاک یشم. لە رێکخراوی کەمەیاتییەکانی نەمساش ئەندامم. نوسەرێکی بەردەوامی ئەو ماڵپەرارە ئەلکترۆنیانەم **بەهزانی نیت، حیوارولموتومودن، ورەقلغد، قەندیل عینکاوا، دوغاتا کۆم، زهرةنیسان، مەرکز لالش، دهۆک و لالش دی.**

**پ: سندوس خان بەکوردیەکی جوان دەپەیڤیت بەلام بۆچی بەزمانی دایک نانوسیت؟ کام هۆکار لە پشت ئەوەهەیە؟ هیچ بیرت لەوە کردۆتەوە کە لە داهاتوو بە زمانی دایکت کە کوردیە بنوسیت؟**

**وەلام:** هەموو بەڵگە مێژویەکان زمانی رسەنی ئێزیدیەکان بەکوردی دەزانن، بەلام نابێ ئەوەش لەبیر بکەین کە بەدرێژایی سالانی رابوردوو هەولێکی زۆر و زەوەندی رژێمە شۆڤینست و داگیرکەرەکان لە ئارادابووە، بۆ دابرینی ئێزیدیەکان لە رەسەنایەتی کوردبونیان ئەوە لە لایەک، هۆکاریکی تریش ئەوەیە کە بەهۆی سنوری جوگرافیایەوە ئەو شوێنەی کە بەشێک لە ئێزدیەکانی لێدەژین دراوسێی نیشتمانی عەرببیە و بەدرێژایی مێژوو کاریگەری دراوسێیەتیان بەسەر یەکتریەوە هەبووە لە هەموو رویکەوە، ئەوە بوەتە هۆکار کە بەشێک لە ئێزیدیەکان بە عەرەبی بئاخڤن و لە زمانی دایک بێبەش ببن، بە تایبەت دانیشتوانی بەعشیقە و بەهزانی کە خێزانی ئێمەش بەشێکین لە ئەوان، بەلام دەبێت ئەوەش بزانیی کە هەموو ئەوانەش کە بە عەربی دەئاخڤن وەک عەربیکی بەغدادی یاخود موسڵاوی و هتد نین، کاتێ دەئاخڤن بەرونی دەردەکەویت کە تا ئێستاش کاریگەری زمانی کوردیان بەسەرەوەیە. رژێمی گۆربەگۆری دیکتاتۆریش هەر لەسەرەتای دەسەڵاتداریەوە ئێمەی لە خوێندن بەزمانی دایک بێبەش کرد، بەم هۆیە کە من هەمو قۆناخەکانی خوێندنم بە عەرەبی تەواو کردوە جگە لەوەش وەک خۆشت دەزانیت زمانی نوسین و پەیڤین لەیەکتری جیاوازن ئەوە بۆمن لەوکاتەدا سەختە، بەلام ئەوە ئەوە ناگەیەنێ کەمن هیوابراو بکات، من ئەمەوێ لە ئایندەدا ئەو خەونەم بەدی بهێنم، زۆر دلخۆشیش دەبم کە دلسۆزانی نەتەوەکەم بابەتەکانم لە عەرەبیەوە وەربگێرنە سەر زمانی دایکم کە کوردیە.

**پ: کوردبوون و ئێزیدی بوون لای سندوس خان چی دەگەیەنیت؟**

**وەلام:** کوردبون پاشان ئێزیدی بون تەواوکەری یەکترین و هیز نییە لە یەکتریان داببریت. لە مێژوودا دوژمنان زۆر هەولیان دا بۆ ئەوەی ئەو خەونەیان بێننە دی، بەلام خۆشبەختانە مایە پوچ بون و ئێزیدیەکان وەک پارچەیەکی رەسەنی کورد بنگەیی زمان و ئاین و کولتوری خۆیانیان پاراستوە، دلنیام لەمەودواش هەر دەیپارێزن. وەک دەزانن بەدرێژایی مێژوو ئێزیدیەکان لەگەل دوو ستەم روبەروو بونەوە، ستەمی نەتەوەیی و ستەمی ئایینی. عوسمانییە داگیرکەرەکان و رژێمی سەدامی گۆربەگۆر هەموو سنورەکانی درندایەتیان بەزاند بۆ جینۆسایدکردنی یەزیدیەت. لە پرۆسەی بەدناوی ئەنفالیشدا سوپای تاوان باری عێراق شان بەشانی کوردی موسلمان کوردی یێزیدیشی ئەنفال کرد، ئێستاش دوژمنان بەردەوام لە هەولی پارچە کردنی کوردان دان بەلام ئاکامیان روو رەشی دەبێت لەبەردەمی مێژوو.

**پ: غوربەت چی لە سندوس ستاند ، کام شتی پێ بەخشی ؟**

**وەلام:** خەونی گەرانەوە بۆ وڵات ئەو بانگەوازایە کە هەمیشە لە ناو رۆحمدا بانگم دەکاتەوە بۆ وڵات، بۆ ناو یادگارەکانی سەردەمی منالیم. بۆنەو جەژنەکان ئەورۆژانەن کە لێرە لە غوربەت دا خۆمم لەبیر دەبەنەوە و پەلکێشم دەکەنەوە بۆ باوشی گەرمی نیشتمان. ئەگەر کەسێ گوێ بیستی ئەو هۆنراوانەم ببیت کە لێرە غوربەت پێم دەنوسێت، زۆر بەباشی ئەو ئازارانەم ئەخوێنتەوە کە دابران بەسەری دا بریوم، بەلام نابێت ئەوەش نەلێم کە غوربەت ئازادی رادەربرینی بۆ فەراهەم کردم. غوربەت ماوەی فرینی پێدام بۆ قولایی ئاسمان و لەوێ بە بۆن و تامی خاکی وڵاتەکەم ئاشنام دەکاتەوەو ئەو هۆنراوانەم پ دەنوسێت کە لە سنگمدا پەنگیان خواردبۆوە، بەلام دەمەوێ دوبارە ئەوە بلێمەوە کە تا دڵ لە لدان ئەکەوێت بۆ چرکەیەکیش ناتوانێت لە ئەڤینی نیشتمان داببرێ لە ژیانم لای من ئازیز تر نیشتمان و زێدی لە دایک بونمە.

**پ: لەکۆمەڵگە رۆژهەڵاتیەکاندا هەمیشە کولتور و ئاین رۆڵێکی کارایان هەبووە لە پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان دا، تۆ ئاینی ئێزیدی چۆن پێناسە دەکەی بۆ مافی ژن؟**

**وەلام:** بەلەبەر چاوگرتنی ئاینی جیاوازیشەوە کولتوری ئێزیدیەکانیش کولتوریکی دانەبراوە لە کۆمەڵگەی کوردستان. ئەوانیش هەمان مامەڵەیان هەیە بۆ ژن، لە ناو خێزانی کوردی موسلمان چی رودەدات لە خێزانی کوردی ئێزیدیش دوبارە دەبیتەوە. لە کۆمەڵگەی کوردی دا بە گشتی بەداخەوە تائێستاش ژن وەک مرۆڤی پلە دوو مامەڵەی لەگەڵ دەکرێ، ئەوە لەکاتێک دایە کە ژن لە هەموو خۆشی و ناخۆشیێکآنیشا وجودی هەیە و بەشدارە لە مەیدانەکانی خوێندن و رۆشەنبیری، تەنانەت گیانبازیش، بەلام هەمیشە بۆی نیە لەو بازنەیە بێتەدەر کە لەلایەن پیاوەوە بۆی دیاری کراوە. سەبارەت بە ژنی ئێزیدی و ئاینەکەی تێبینیەکی تریش بەدی دەکرێ، لەقانونی عیراقی دا هیچ گرنگیەک بۆ ئاینی ئێزیدی دانەنراوە بەتایبەت لە یاسای باری کەسایەتی دا، واتا هەمان یاسا لەسەر ژنی ئێزیدی بەرێوە دەچی کە بۆ ژنێکی موسلمان دیاری کراوە. بۆ ئەو مەبەستە پێویستە یاسای ئێستای هەرێمی کوردستان گۆرانی تیا بکرێ و تایبەتمەندیە کولتوری و ئاینیەکانی کۆمەلگە لەبەرچاو بگیرێ. لەهەمان کاتیشا پێویستە ئەنجومەنی رۆحانی ئێزیدیەکانیش ریفۆرمێکی نوێ بکات بۆ باری کۆمەڵایەتی کە لەگەڵ ئەو سەردەمە یەکانگیربیتەوە. بەتایبەتی سەبارەت بە سەربەستی دەستنیشان کردن و هەڵبژاردنی هاوسەرو کارکردنی ژن لە دەرەوەی ماڵ. بەرای من دەبێ هەموو کەس باوەری بە ئازادی ژن هەبێ، چونکە تەنها ژنی ئازاد دەتوانێ لە خۆشەویستی تێبگات و لەو کەشە ئازادیەدا دەتوانێ بەئەرکەکانی خۆی هەڵسێ و کۆمەلگە بەختەوەر بکات.

**پ: بەرای تۆ کام هۆکار لەپشت چەوساندنەوەی ژناندان لە کوردستان؟ یا رونتر بلێین بەشێک لە پیاوان بۆ کام مەبەست ژنان دەچەوسێننەوە؟**

**وەلام:** راستیەکی مێژوویی هەیە کە کۆمەڵگەی کوردیش لە ژێر کاریگەری کۆمەڵگەی رۆژهەڵاتی دایە و بەردەوام لەبەرامبەر ژندا چەوسانەوە پەیرەو دەکات. ئێمە کە قسە لەسەر ئیستا بکەین دەبینین کە لە کوردستان یاسا هیچ پشگیریەک لە مافی ژن ناکات. وەک دەبینی بەبەر چاوی یاساوە ئەم هەموو توند و تیژیە لەسەر ژنان بەرێوە دەێ، لە ماوی ٥ ساڵی رابوردوو زیاتر لە ٢٠٠٠ ژن بەپاساوی ناموس کوژراون سەبارەت بە گوشاری پیاوان لەسەر ژنان هۆکار زۆرن ، بەلام لەهەمویان گرنگتر خۆ بەزۆر زانینی پیاوە لە ئاستی ژن لەروی کۆمەڵایەتیوە تا ئەوە چارەسەر نەکرێ گوشارو توند و تیژیش هەر دەمێنێ، ئەوش تەنها بەیاسایەکی دادوەری کۆمەڵایەتی کە گرینتی مافی یەکسان بۆ ژن و پیاو دەستەبەر بکات چارەسەر دەبێ.

**پ: دەسەڵاتی سیاسی لە باشوری کوردستان لافی دیموکراسی لێدەدات، دیارە لە زەمینەی دیموکراتی رەهاشدا، دەبێ هەموو چین و تویژەکانی کۆمەڵ مافەکانیان دەستەبەر بکرێ، بەلام هەموو ئەو هەوالانەی کە سەبارەت بە توندو تیژی لەسەر ژنان دەیبیستین و ئیوەش ئاماژەتان بە ئامارێکی رەشەکوژی ژنان کرد لە ٥ ساڵی رابوردودا، بەرای تۆ ژنان خۆیان کەم تەرخمن یا دەسەڵاتی سیاسیش هۆکارە لەم کارەساتانە و لە هەمان کاتیشدا لە بێدەنگ کردنی ژنان لەو زوڵمەی کە لێیان دەکرێ؟**

**وەلام:** لاوازی دەسەڵات لەباشوری کوردستان لەوەدایە کە پێش لە دەور و رۆڵی ژنان دەگرێ و دەیانکاتە پاشکۆیەکی لاوزی دەسەڵات. ئەوە هۆکاری سەرەکی دەسوالآکردنی دەسەڵاتە بۆ گوشار و توندو تیژی لەسەر ژنان، کاتی ژنێک لە وڵاتیک بەبەر چاوی دەسەڵاتە سیاسیەکەیەوە تیرۆر بکرێ، دەەڵات چاوی خۆی بنوقێنێ، کەواتە دەسەڵات بەرپرسیاریەتی ئەکەوێتە ئەستۆ و ئەو بەرپرسیارە لەم تاوانە، بەرای من دەسەڵاتی سیاسی لە باشور پابەند نیە بە هەموو ئەو بەڵێننامە مۆرکراوانەی کە لە ئاستی ناونەتەوەیی بۆ پارێزگاری لە مافی ژنان مۆرکراون، لە هەمان کاتیشدا پارت و ریکخراوە مەدەنیاکانیش وەک پێوست بە ئەرک و مافی خۆیان رانەبون لەم روەوە من پێموایە ژنان بەتەنها ناتوانن ئەو رۆڵە بگێرن، ئەگەر پیاوانی دیموکرات و یەکسانیخواز پالپشتیان نەکە.

**پ: لەکوردستان چەندین رێکخراوی ژنان هەن، تۆ چۆن هەڵیان دەسەنگێنی و پێتوایە توانیبیتیان رۆڵیک بگێرن لەسەر کەم کردنەوەی توند و تیژی لەسەر ژنان؟**

**وەلام:** جێگەی دلخۆشیە کە ژنان کاریگەرانە بەشدار بن لە دەسەڵاتی سیاسی و کۆمەڵایەتی و رۆشەنبیری لە کوردستان، من پێموایە هەرچەند شتەکان کەمو کوریشیان هەبێت بەلام دەکرێ وەک قەلەمبازێک بۆ سەکەوتن ئامژەی پێبدرێت، بەلام ناکرێت ئەوە نەپرسین کە ریکخراوێک بە ناوی ژنانەوە دروست کراوە و چەندە داکۆکیکارە لەم چینە. من لێرەوە لەسەر ئەوە رادەوەستم کە دەبێت خەبات بۆ ئازادی ژن بەشێوەیەک بێت کە کاریگەری خۆی نیشان بدات و نەبێتە پاشکۆی دەسەڵات و بۆ مەرامی تر بەکار بهێنرێت. ئەگەر بەم جۆرە بێت واتا ئەویش بەرپرسیاریەتی ئەو کارەساتانەی ئەکەویتە ئەستۆ و دەبیتە شەریکی ئەنجامدانی توند و تیژی لەسەر ژنان.

**پ: سندوس بەوە ناسراوە کە هۆنراوەی حەزین دەنوسێت و هەمیشە بەدوای موعجیزەکانی ژیاندا دەگەرێت و بەرەنگی وشەکانی رەنگیان دەکاتەوە دەکرێ لێت بپرسم کام هۆنراوەی خۆتت بەلاوە ئازیزە و ئەگەر بکرێت کۆپلەیەکی پێشکەش بە خوێنەرانی کوردی بکەیت ؟ وەلە کۆتایشدا سوپاست دەکەم بۆ ئەم دەرفتە کە رەخساندت تا خوێنەرانی کوردیش بە بۆچون و هەناسەگەرمەکانتان ئاشنا ببن..**

**وەلام:** بەگشتی هۆنراوەکانم بەلاوە ئازیزن بەلام کۆچ دوایی خاتو مەرزیەی جوانەمەرگ قەسیدەیەکی پێنوسیم کە دەکرێت بە بەشێک لە سێبووری و ساردبونەوەی ئەو کۆستەمی بزانم. منیش زۆر سوپاسی تۆ ئەکەم کە بەسەرت کردمەوە و ئەمبەیتەوە بۆ ناو پەیڤە جوانەکانی زمانی شیرینی کوردی.

لەیادمانا بژی ئەی پاساری چیا
ئەی پاساری چیا
سەفەرت کرد.
لە شەوێکی بێ مانگ و ئەستێرەدا.
بێ دەنگیت لەدوای خۆت
بەجێهێشت و
بویتەوە بە گوڵە بێژانەکەی جاران و
گەرایتەوە بەرەو چیا
جاران بە چریکەی دەنگی تۆ و
ناڵەناڵی تارەکەت
سینەی ئاسمان ئەقلیشا
بۆ جێت هێشتین ئەی پاساری چیا
تۆ بەناو رۆحی ئێمەدا
بارگەی ئەوسەفەرت تێکنا



**سازدانی: جەوهەر میراودەلی**



# چاندنی دڵ مردنی ناوەخت دێنێ

لێکۆڵەرەوانی ئەمریکی بۆیان دەرکەوتووە، ئەوانەی دڵی رەگەزی بەرانبەریان بۆ دەچێندرێ، دووچاری مردنی ناوەخت دەبنەوە.

لێکۆڵەرەوانی زانستگەی هۆبکنز پێیانوایە کە بەهۆکارێکی نەزانراوی وەک شیمانەی جیاوازی قەوارەی دڵ، دووچاری مەرگی ناوادە دەبنەوە.

لێکۆڵەرەوان لە کۆمجڤینی کۆمەڵەی دڵ لە نیو ئۆریالیز رایانگەیاند زۆربەی ئەوانەی کە پرۆسەی چاندنی دڵیان بۆ ئەنجام دەدرێ، ئەگەر دڵەکەیان لە رەگەزی بەرانبەر وەرگیرابێ، ئیدی لە کاتێکی چاوەڕوان نەکراودا ماڵئاوایی لە ژیان دەکەن. بەوهۆیەوە دەرکەوتووە بە بەراورد لەگەڵ ئەوانەی کە دڵیان لە هەمان رەگەزی خۆیان وەرگرتووە بە رێژەی ١٥% زووتر دەمرن.

ئەو ئاکامە لە کێرڤی تۆڕی یەکگرتوو بۆ دابەشکردنی ئەندامان کە سیستەمی خۆبەخش بەرێوەی دەبات، ئاماژەی پێکراوەو رایگەیاندووە کە هەژدە هەزارو دوو سەدو چل کەس لە ماوەی نێوان ساڵی ١٩٩٨ تا ٢٠٠٧ چاندنی دڵیان بۆ ئەنجام دراوە، دەرکەوتووە کە کەمترین مانەوە لە نێو ئەو پیاوانەیە کە دڵی ژنانیان بۆ چاندراوە. هەروەها ئەو ژنانەی کە دڵی پیاوانیان بۆ چاندراوە بەهەمان شێوە بە رێژەیەک دووچاری مەرگ هاتوون. بەوهۆیەشەوە لەپێناو تەمەنێکی درێژتر ئێستا زۆربەی مرۆڤەکان حەز دەکەن دڵ لە رەگەزی خۆیان وەربگرن.

لێکۆڵەرەوان بەباشی دەزانن کە پزیشکەکان بەرلەوەی دڵ بۆ نەخۆشەکان بچێنن، باشتروایە کە هەوڵ بدەن دڵی هاوڕەگەزی خۆیان بۆ پەیدا بکەن، بە واتایێکی دیکە سوود وەرگرتن لە دڵی هاوڕەگەز ئاکامی باشتری لێدەکەوێتەوە.

دکتۆر ئێریک ویس مامۆستای زانستگەی هۆبکنز و یەکێک لە هاوکارانی رێنوێنی خەڵک دەکەن کە چاوەڕوانی زۆرتر بکەن تا دڵی هاوڕەگەزی خۆیان بۆ پەیداد دەکرێ، چونکە پەلەکردن لە چاندنی دڵ وا دەکات کە پزیشکەکان تەنیا بیر لە چاندنی دڵێک بکەنەوە کە رەنگە تەمەنی مرۆڤەکە کورت بکاتەوە، بە بەراورد لەگەڵ دڵێکی دیکەی هاوڕەگەزی خۆی کە شیمانەی مەرگی ناوەختی لێ ناکرێ.

چاندنی دڵ یەکێکە لەو رێگەیانەی کە زۆربەی جاران وەک فریاد رەسێک کۆمەک بە مرۆڤ دەکات و لە مەرگی دوور دەخاتەوە، بەڵام ئەگەر بمانەوێ ئەو مرۆڤە بە هاسانی لە مەرگ نزیک نەبێتەوە، دەبێ دڵی هاوڕەگەز و هاوتەمەنێکی خۆی بۆ پەیدا بکرێ.

مخابن زۆربەی ئەو نەخۆشانەی کە چاوەڕوانی پەیدابوونی دڵێک دەکەن، بەر لە دۆزینەوەی ئەو دڵە، ماڵئاوایی دەکەن، هەربۆیەش پزیشکەکان هێندە بایەخ بە جۆری دڵەکە نادەن.

کۆمەڵەی دڵی ئەمریکی دەڵێ کە ساڵانە زیاتر لە ٢٠٠٠ نەشتەرگەری چاندنی دڵ لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا ئەنجام دەدرێ، سێ لەسەر چواری ئەوانەی کە دڵیان بۆ دەچێندرێتەوە پیاون، ئەمەش وا دەکات کە بەناچاری هەندێک جار دڵی ژنێک بۆ پیاوێک بچێندرێ، کە رەنگە وەکو پێویست سوودمەند نەبێ و نەکارێ تەمەنی بەرێژەیەکی بەرچاو درێژ بکاتەوە.

لێکۆڵەرەوان هیواخوازن کە هیچ مرۆڤێک دووچاری نەخۆشی دڵ نەبێ و پێویستی بە چاندنی دڵ نەبێ.

سەرچاوە: رۆیتەرز

PDF created with pdfFactory Pro trial version www.pdffactory.com